هەموو ئومەتەکەم پارێزراون جگە لە ئەوانە نەبێت کە تاوانەکان ئاشکرا دەکەن

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو کە دەیفەرموو: «هەموو ئومەتەکەم پارێزراون جگە لە ئەوانە نەبێت کە تاوانەکان ئاشکرا دەکەن، ولە تاوان ئاشکرا کردن ئەوەیە: کەسێک بە شەو تاوانێك دەکات ؛ پاشان ڕۆژی بەسەردا دێت وخوای گەورە دایپۆشیوە، -بەڵام- دەڵێت: ئەی فلّان، دوێنی شەو ئاوا وئاوام کرد، کە شەوی بەسەردا هات خوای گەورە دایپۆشی، بەڵام کە ڕۆژ بووەوە داپۆشین وسیتری خوای گەورەی لەسەر خۆی لابرد».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە مسوڵمانی گوناهبار ؛ هیوا هەیە بەوەی خوای گەورە لێی ببوڕێت ولێی خۆش بێت، جگە لە ئەو کەسە نەبێت کە تاوان ئاشکرا دەکات وشانازی پێوە دەکات بەئەوپەڕی بێ ئابڕووییەوە ؛ ئەمە شایستەی لێخۆشبوون نییە، بە شەو گوناهێك دەکات، پاشان کاتێك بەیانی بەسەردا دێت وخوای گەورە دایپۆشیوە، باسی گوناهەکەی بۆ خەڵکی دەکات ؛ بەوەی دوێنی فلّان گوناهی کردووە، شەوی بەسەردا ڕۆیشت ؛ خوای گەورە دایپۆشی، بەڵام کاتێك بەیانی بەسەردا هات ؛ داپۆشینی خوای گەورەی لەسەر خۆی لابرد !!

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3756